زانكۆی سەلاحەددین / كۆلیژی پەروەردە

بەشی پەروەردەی تایبەت/ قۆناغی چوارەم

بابەت: سەركەوتووی ژیری وبەهرەداری/ بانكی پرسیار

..................................................................

پ١/ زانایان تاكیان بەسەر (٣) سێ كۆمەڵەی جیاواز دابەشكردوە، باسیان بكەو حیكمەت چییە لەم دابەشكردنەدا؟ ص١٦٦

پ٢/ بەهرەمەندی دیاردەیەكی دەروونی زۆر ئاڵۆزە تاوەكو ئێستا بەتەواوی یەكلانەكراوەتەوە، لەبەر ئەمەش چەندەها بۆچوون و پرسیاری جیاجیا هەیە كە تا ئێستا وەڵامێكی گشتگیرو زانستی نیە، باسیان بكەو لەسەریان بدوێ.

پ٣/ یەكێك لەو پرسیارانەی كە تاوەكو ئێستا زاناكان لەسەری كۆك نین ئەوەیە( ئەو ڕێژە زیرەكییە چەندە كە منداڵی بەهرەمەند لە منداڵی ئاسایی جیادەكاتەوە)؟ ص١٦٧

پ٤/ چەندەها پرسیار هەیە دەربارەی بەهرەمەند كە تاوەكوئێستا وەڵامی گشتگیرو زانستی نیە وراوبۆچوونی جیاجیا دەربارەی هەیە، باسیان بكەو لەسەریان بدوێ. ص١٦٧

پ٥/ جیاوازی نێوان پێناسە كۆن وكلاسیكییەكان بۆ بەهرەمەندو پێناسە نوێیەكان لەچیدایە؟ ص١٦٩-١٧٠

پ٦/ پێناسە كۆن و كلاسیكییەكان بۆ بەهرەمەندان چی بوو، باسیان بكە.ص١٦٩-١٧٠

پ٧/ پێناسە نوێیەكان بۆ بەهرەمەندان چی بوو، باسیان بكە.ص١٦٩-١٧٠

پ٨/ زانایانی وەك (تۆرانس و هیواردو مارلەندو رینزولی) لایەنگری كام بۆچوونن و زانا –مارلەند- چۆن پێناسەی منداڵی بەهرەمەند دەكات؟ ص١٧١

پ٩/ راوبۆچوونی زانا –رینزولی- بۆ بەهرەمەندان چی بوو و چۆن پێناسەی منداڵی بەهرەمەندی دەكرد؟ ص١٧٢

پ١٠/ ئەو رەهەندو توانستانە چین كە دەبێت لە منداڵی بەهەرمەندا هەبێت؟ص١٧٢

پ١١/ ئامانج چییە لە دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ بەهرەدارو بلیمەتەكان؟ص١٧٣

پ١٢/ بە بڕوای –بلوم- جیاوازی نێوان بیركردنەوەی منداڵی بەهرەمەندو ومنداڵی ئاسایی لەچیدایە؟ ص١٧٣

پ١٤/ هۆكار چییە كە دەبێت بلیمەت و بەهرەمەندەكان پرۆگرامی پەروەردەیی تایبەت بە خۆیان هەبیت ، بە وردی باسی بكە. ص١٧٤-١٧٥

پ١٥/ لەبەرچی پرۆگرامی قوتابیە ئاساییەکان تینویێتی بلیمەت و بەهرەمەندەکان ناشکێنێ؟ ص١٧٤

پ١٦/ لەبەرچی پەروەردەی تایبەت مافێکە لە مافەکانی زیرەك و بلیمەتەکان؟ ص١٧٤

پ١٧/ هۆی چییە کە دابینکردنی پەروەردەی تایبەت بۆ زیرەك وبلیمەتەکان، گرنتیە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگاو خۆشگوزەرانی تاکەکانی؟ ص١٧٤

پ١٨/ پەروەردەی تایبەت مانای رەخساندنی کەش و هەوای گونجاوە بۆ هەموو کەس و پێدانی دەرفەتی یەکسانە بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەمە روون بکەوە. ص١٧٤-١٧٥

پ١٩/ بۆچی پەروەردەی تایبەت پێویستە بۆ دروستی دەروونی بەهرەمەندو بلیمەتەکان؟ ص١٧٥

پ٢٠/ یەکێك لە شێوازەکانی پەروەردەو فێرکردنی بەهرەمەندان بریتیە لە قوتابخانە تایبەتییەکان، بە وردی باسی بکە.ص١٧٥

پ٢١/ یەکێك لە شێوازەکانی پەروەردەو فێرکردنی بەهرەمەندان بریتیە لە پۆلە تایبەتییەکان، بە وردی باسی بکە.ص١٧٦

پ٢٢/ یەکێك لەو شێوازو پرۆگرامانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ فێرکردنی بەهرەمەندان بریتیە لە خێراکردن، بە وردی باسی بکە.ص١٧٦

پ٢٣/ یەکێك لەو شێوازو پرۆگرامانەی کە بەکاردەهێنریت بۆ فێرکردنی بەهرەمەندان بریتیە لە دەوڵەمەندکردن، بە وردی باسی بکە.ص١٧٧

پ٢٤/ جیاوازی نێوان خێراکردن و دەوڵەمەندکردن چییە وەك دوو شێوازی فێرکردنی بەهرەمەندان. ص١٧٦-١٧٧

پ٢٥/ چەند ئاراستەو بۆچوونێك هەیە دەربارەی پەروەردە و فێرکردنی کەسانی بلیمەت و بەهرەمەند، باسیان بکە. ص١٧٨-١٧٩

پ٢٦/ ئەو گیروگرفتانە چین کە رووبەڕووی کەسانی بلیمەت و بەهرەمەند دەبێتەوە؟ ص ١٨٠ -١٨١

پ٢٧/ باسی ئەو راوبۆچوونانە بکە کە دەربارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند هەیە.ص١٨٥

پ٢٨/ گرنگترین پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کەسانی بلیمەت و بەهرەمەند روون بکەوە.ص١٨٦

پ٢٩/ باسی خەسڵەت و سیفاتەکانی کەسی بلیمەت و بەهرەمەند بکە. ص١٨٧

پ٣٠/ سەرچاوەی دەستنیشانکردنی بلیمەت و بەهرەمەندەکان کێن، روونی بکەوە. ص١٨٨